# دڕندەیی تورانییەکان و کۆڵەواریی پاسیڤیستەکان

**سیروان بابەعەلی**
sirwanb@t-online.de



(مهاتما گاندی 1869-1948) دەڵێت: {من هەمیشە لاگری ئاشتییم، لێ لەهەر جێگایەك چەوساندنەوە هەبێت و ئاشتەوایی دادنەدات، ئەوا لاگری جەنگی هەڵگرتنی چەوساندنەوەم}...
ئاشتەوایی بۆ هەموو شەقڵ(پرۆسێدور)ێکی ژیانی مرۆڤ "خودیی و بابەتیی"، پێویستە ببێتە پیرۆزترین ئامانج و بالاترین هیوا، کەهەر تاکێك لە کەسی خۆیەوە بۆ ناو خێزان و ئاستی کۆمەڵگاو ڕووگەی(تێندانسی) مرۆڤایەتی ئاڕاستەی بکات... لەنووسینێکی ترمدا ئەوەم دەربڕی کە جەنگ لەباشترین ڕەوشیدا گەورەترین دزە، کات دەدزێت، بەچەند چرکەیەك چەندین ساڵ دەدزێت... لەوانەیە کارەساتە ناوخۆییەکانی براکوژیی لەکوردستان، ساکارترین نموونەی نوشوستی و بۆدواوەگەڕانەوەبن لەسایەی جەنگدا... مەزنترین بلیمەتی سەدەی بیست (ئالبێرت ئاینشتاین 1879-1955) دەڵێت: {من نازانم لەجەنگی گێتی سێیەمدا بەچی دەجەنگن، بەڵام دەزانم کە لەجەنگی گێتی چوارەمدا بەبەردو دار شەڕ دەکرێت}. بەو وتەزایە ئەو نەك تەنها جەخت دەکاتەوە سەر دواکەوتن، تەنانەت ئاماژە دەکات بۆ بۆدواوەگەڕانەوە لە دەرەنجامی جەنگ...
بەڵام ڕاستیی(فاکت)ێك هەیە؛ کە هەتا دڕەندەیی بۆماوەیی و، ئاوەزی زادەی دەوروبەرو پەروەردگای ناساخلەم لە کارەکتەری تاکی جڤاکەکان ئامادەگییان هەبێت، زەمینەیەك بۆ ئاشتیی سەراپاگیر نارەخسێت...
ئاشتیی و یەکسانیی دوو چەمکن بەهێندەی جوانیی(ئێستێتیکە)ی وێناو دەربڕینیان، ئەستەمە کەببنە ڕەوشی جێگیرو فەراهەم و کۆمەڵگاکان پێی خەنی ببن... هەرچۆن چەمکی یەکسانیی؛ سەرەڕای تاودانی چەندین تەرز لە دیدگا(تیۆری)و، ڕێباز(میتۆد)و، بیردۆزی زانستی "فەلسەفی- کۆمەڵایەتی" ... بەداخەوە دەرکەوت کە فراژوبوونی یەکسانیی، دژوێژ(پارادۆکس)ە بە سروشتی گەشەن(ئێڤۆلوسیۆن)و، ڕەوتی زادەی ئاوەزی مرۆڤ و پێشبڕکێکانی بەرەو داهاتوو، وە بە بەردەوام زیادبوونی ژمارەی مرۆڤ لەسەر زەوی و، بە پامالی سەرمایەی "ماکی- مرۆیی" بۆ پەیبردنە نوێکانی گەردوون و، وە بە پرسنیی(فضولي) مرۆڤ بۆ دەوروبەرو خواست و خودویستییەکان...
هەروەها ئەزموونە ناقۆلاکانی پێڕۆ(سیستێمە) کۆمونیستەکانیش سەلماندیان؛ کە یەکسانیی لەسەرەوە بۆ خوارەوە، بە تۆپزی سەقامگیر نابێت و لەنگە... وە بۆ ئەوەی بتوانرێت بکرێتە هیوایەکی گەش، نەک تەنها دەبێت تاك لەخودی خۆی و ناوخێزانەکەی دەستپێبکات و ئەگەر سەرکەوتوبوو بەرزتر هەڵبکشێت... تەنانەت دەبێت مرۆڤ دژی شەپۆلی ئاستەنگیی و لەمپەڕەکانی گەشەن و یاساو زاگوونە گەردوونییە نادادپەروەرو گرانەکان بخەبتێت. ئەگەر وانەبێت ئەوا یەکسانیی تەنها تراویلکە(سراب)ێکی جوان دەبێت و، بانگلۆزکردنی((لەسەرەوە تلکردنەوەی)) ئەگەر "مردەزێ" یش نەبێت ئەوا لەتابووتدا لەدایکدەبێت!...
ئاشتەواییش بەهەمان شێوە؛ دەبێت مرۆڤ لە خودی خۆی و پەروەردەی خێزانەوە بەرهەڤی بکات و، هەرئەوەیش گابەردی بونیادی هەرەمی ئاشتیی بالایەو سەرەتا تەندروستەکەیەتی... مرۆڤ بۆ ئەوەی بگاتە ئاشتیی گشتەک(شمولي- تۆتال)، پێویستە لە ئاشتیی خۆجێ(محلي- لۆکاڵ)ییەوە دەستپێبکات...
بەڵام جیاوازی ئاشتەوایی ئەوەیە؛ کە لەکاتێکدا هەر ڕەوشێکی دژەئاشتیی، وەك جەنگ و کاولکاریی

و ئاژاوە و کوشتوبڕ بە "تەنیابالّ" دەکرێت... لێ خودی ئاشتەوایی؛ کردارو پەرچەکردارەو، لەلایەنێك زیاتری پێویستە بۆ سەقامگیریی... لەڕاستیشدا بەڕاڤەی ژیرویژ(لۆژیك)؛ بەتەنها ئامادەگی یەك لایەن، کە دەکاتە نائامادەگی لای بەرانبەر، وە پێکەوە دەبنە هۆکاری بەرقەراریی ڕەوشی دژەئاشتیی. لەخۆیدا دەکاتە چێنەبوونی ئاژاوەو، پێویستنەبوونی چەمکی ئاشتیی... بەوپێیە ئاشتەوایی سەروکاری لەگەڵ هەماهەنگیی دوو لایەن یان زیاتر دەبێت بۆ فراژوبوون...

تەنانەت نائامادەگی سەراپاگیر بۆ چێبوونی ئاشتەوایی؛ مەزنترین ڕابەری پرینسیپی ئاشتەوایی (گاندی) کردە قوربانی توندڕەویی هیندۆسێك، لەبەرئەوەی لەتوانای خۆیان زیاتری لێ داوادەکردن، کە لەهەمبەر موسوڵمانە توندوتیژەکان ئاشتی بنوێنن...

لە گەرمبوونی پرسی هێرشی تورکیا بۆسەر هەرێمی کوردستان؛ لە شەقامی تورکییدا، شەقڵی هەڵوێستەکانی دەسەلات و جڤاك لەو وڵاتە، توانی نمایشی کۆدەنگییەکی باخڵ(مغرور)ی ڕەچەڵەکپەرستی سەرەتاخواز(پریمیتیڤ) بکات... بەڵام لەمبەرەوە لە کۆلان و پێچوپەنا ڕامیارییەکانی کوردستان، دوو تەرز هەڵوێستی؛ لەلایەك [ئاشتیخوازی بینەوارو ژیرویژ(لۆژیك)و... بەرگریکارو شۆڕشگێڕ] ، وە لەلایەکی ترەوە [چاپلووس و نیگابانی دوژمن و هەڵەپاس و نۆکەر] دەردەکەون... تەرزی یەکەم لەتەك خۆیدا توێژێك لاوی هەڵەباش و هەرزەڕفتارو ساویلکەو توندڕەو دەخاتەگەڕ، کەدەتوانرێت بگۆڕدرێن بۆ دڵسۆزترین کەرەسەی زیندووی خەباتێك... بەڵام تەرزی دووەم توێژێکی لاشەڕی، بێوەیی، دەستەمۆی، کۆڵەواری، دەستاوێژی ڕامیارەکان دەخاتەگەڕ، کە لە پەسێوی خەیاڵگە(یۆتۆپیا)ی ئاشتییدا، داکۆکی لە ئاکار(مۆرال)ی خۆبەدەستەوەدان و خۆخستنەباوەش دەکەن و ناویان (پاسیڤیستەکانە)...

پاسیڤیستەکان دەمڕاستی چەوتانە(پاسیڤ- سلبی)ترین ڕەوتەکانی ئاشتەوایی بێمەرجن... لاشەڕیی پاسیڤیستەکان تەنانەت لەساتی فلیقانەوەیان هەر دەنگی بڵندە... پاسیڤیستەکان ئەگەر دوژمنیش وەك گورگ بێت، هەردەبێت وەك ئەو ئاسکە بن کە کارژۆلەی بەدیارچاوییەوە دەخورێت و زەقەی چاوی دێت... دەبێت وەك ئەو کێشکەیە بن، کە هەتا واشە بەئاسمانەوە بێت نابێت لەهێلانەکەی بێتەدەر...

پاسیڤیستەکان هاودژی ئاژاوەگێڕەکان(ئانارکیست)ەکانن، وەلێ بەهەمان دەستاوێژ(میکانیزم)ی یەکدیو هەڵوێست دەنوێنن... لەوەدا هەرچۆن ئانارکیستەکان دژی هەموو پێڕۆیەکی بەڕێوەبردنن و بیر لە جێگرەوە(ئەلتەرناتیڤ) ناکەنەوە... ئاوایش پاسیڤیستەکان دژی هەموو گۆڕانێکن لەڕێگای توندوتیژییەوە بۆ ڕەوشی باو(دێفاکتۆ). بەبێئەوەی بیر لە چەپاندن و تاوانە بەرجەستەکان و ناجۆرییەکانی ڕەوشی باو بکەنەوەو، ناڕاستەوخۆ بەرگریی لەمانەوەی دەکەن!...

پاسیڤیستەکان جەنگی ناڕەواو جەنگی ناچاریی لەیەکتر جیاناکەنەوە... ئەوان لەکاتی جەنگدا دژی هەموو چالاکییەکی جەستەیی(فیزیکال)ن و پەرچەکرداری بوودەڵەو ورەڕوخێن دەنوێنن... پاسیڤیستەکان نایانەوێت جیاوازی جۆری چەوساندنەوەی میللەتانی وەك کوردو ئەلبانی کۆسۆڤۆو کاتالۆنی و باسك و ئێرلەندی و سکۆتلەندی... تاد، بەدەست ڕژێمە سەربازییەکانی وەك عێراق و تورکیاو یۆگسلافیای کۆن و، دەوڵەتە دێمۆکراسییەکانی وەك ئیسپانیاو ئینگلتەرا ببینن...

پاسیڤیستەکانی کوردستان؛ سەبارەت بە ڕژێمێکی تا نێومۆخ نەژادپەرستی وەك تورکیا، تەنها فاکتی باوەڕی خۆیان بەئاشتەوایی بێبەرانبەر دەکەنە باوەڕزا(پرینسیپ)و، سەروکاریان لەگەڵ ڕەوشی باوی هەڵوێستە ڕاسیستییەکانی تورکیاو بەلەنگازیی کوردی باکور نییە... ئەوان نایانەوێت بزانن کە لەتورکیا لە کودەتای (1980 کەنئان ئێڤری)یەوە تائێستا؛ نزیکەی پێنجسەدهەزار کورد دراونەتە دادگا، نزیکەی سەدهەزاری بەندکراون و سەدەهایان لەداردراون... پاسیڤیستەکانی کوردستان؛ گوێیان دەگرن تا نەبیستن کە ئێستاش لەزیندانەکانی تورکیا میز بەسەر بەندییەکانی کورد دەکرێن... کە

ژنێکی گوندنشین لەبەرئەوەی زوبانی تورکی نازانێت، کاتێك سەردانی ڕۆڵە بەندکراوەکەی دەکات، دەبێت تەنها تێیڕابمێنێت و بۆینییە یەك وشە بەکوردی لەگەڵی بپەیڤێت!... کە ئەورژێمە پیتەکانی ڕەنووسی کوردی یاساخ دەکات... کە لێپرسینەوەی زارۆکی هەشتساڵی کورد دەکات لەبەرئەوەی لە فێستیڤاڵێکی ئەمەریکا سروودی کوردیی چڕیوە!... پاسیڤیستەکانی کوردستان؛ ئاگادارن ،کە ئەو تورکیایەی لایەنی گریمانەی ئاشتەواییە، ڕۆژانە ئامادەیە سەری چەندین شەتڵەمرۆڤی کورد لێبکاتەوەو، ئەمانیش دەیانەوێت سنوورەکەی بۆبکەنە شەتڵەگوڵ...

لەڕاستییدا هەڵوێستی ڕامیارە بازرگانەکان مەترسی لەسەر "خواز" ی خەباتی مرۆڤدۆستان و داکۆکیکارانی ڕۆمەتی نەتەوە نییە. بەڵکو مکوڕی و تورەیی زیاتر دەبەخشێتە هەڵوێستە ڕاستانە(پۆزەتیڤ)ەکان... وەلێ کاریگەریی پاسیڤیستەکان، لەسەر شێواندنی مۆرالی بەرخۆدان و ڕەوانبەرزیی نەتەوەو نوچبەخۆدان و هەڵداشتنی هەستی "نەتەوەیی- نیشتیمانی" زۆر سامناکە...

بەداخەوە ئەگەر بە شرۆڤەی "فەلسەفی- سۆسیۆلۆژی"، بیرکاریی لە دۆزی نەتەوەیی و ئەنگاوتنە بەردەوامەکانی بکەین، دەگەینە دوو فاکتی زۆر ناجۆر:

یەکەم: کورد سەرەڕای ئامادەگی سەرلەبەری توخمەکانی نەتەوەبوون لە (دیرۆك- زێد- زمان- کولتوری هاوبەش، تەنانەت ئەمڕۆ لەباشوور، ئابووری ناوکۆیی و هێزی سەربازییش)، نەک نەبۆتە دەوڵەت، تەنانەت گیانی نەتەوەیی ساخڵەم نییە!... لەبەرئەوەی کاریگەرترین ڕایەڵی وێکبەستنی ئەو توخمانە کە سایکۆلۆژیای هاوبەندە ئامادەیی نییە... تەنانەت ئەگەر لەئاستێکدا ئامادەگیی هەبێت، هێند پسۆکە، کە هەرگیز بەوشێوەیە ناکارێ ببێتە گەڕێنە(ماکنة)ی خواز(إرادة)ی "تاکووتار" بۆ نەتەوە... ئەمە لەکاتێکدا ئەو خوازە لای میللەتێکی وەك تورك، سەرەڕای ئامادەگیی تەنها دوو توخمی مێژوو زمان، هەرزوو لەڕێگەی سایکۆلۆژیای هاوبەشەوە دەیانکاتە نەتەوەو دواجار دەوڵەت و، دەیانگەیەنێت بە مۆرالی هاوبەش، کە ئەمڕۆ لە دزێوترین ئاستی دەمارگیریی(چاوڤینیزم)دا دەبینرێت... تەنانەت لای ئەوان لەئەنجامی پرۆسەی بۆماوەیی بەردەوام ئەو "خواز" ە بۆتە وارسکە(غريزة)و، لەنەستی تاکەکانیاندا کۆرپەخۆ وەك مێروولەو هەنگ دەیانخاتە کار!...

دووەم: لەڕووی مرۆڤناسیی(ئەنترۆپۆلۆژی)یەوە؛ "تاک" ی کورد بەهۆی دوو پەسنی ناتەندروست: (جین "فاکتۆری بۆماوەیی" ... وە ژینگەو تۆبۆگرافیا). کارەکتەرێکی وەهای هەیە، کە هەتا لەنێو چینی کۆمەڵایەتی نەوی بژێ و سەر بەڕەوتی ڕکابەری دەسەڵات بێت، باوەڕزاو بیروڕای مرۆڤانەو شۆڕشگێڕی هەیە... لێ کە هەڵکشا بەرەوسەر دژوێژ(پارادۆکس)ەکان دەردەکەون و هەڵویستەکانی بەرەواژ دەبنەوە... لەپێناوی مانەوەی لەسەرەوە پەرە بەبەردەوامیی میلۆدرامای شانۆگەرییە تراژیدییە مێژووییەکەی دۆزی نیشتیمانیی دەدات... هەرچەندە لە جڤاکە هەرە ژیار و شارستانییەکانیش ئەو جیاوازییە لەنێوان بڵندگۆی ڕکابەر(ئۆپۆزیسیۆن)و ئەلتاری دەسەڵات هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی ساخڵەم و ئاستێکی زۆر نزمترو وەك دەرهاویشتەی پێڕۆ دیمۆکراسیەکان... ئەمە جگەلەوەی کەلەوێ ئەو پەیژە دیمۆکراسییەی بۆ سەرکەوتن بەکاردەبرێت، تۆکمە دروستکراوەو، بۆ هاتنەوە یان هێنانەوە خوارەوەیش هەر بەکاردێت...

کەواتە ئەوە دروستە کە لەکوردستان ئاوەزی ڕامیارەکانی دەسەڵات... واتاکێشی ئاوەزی ڕامیارە ڕکابەرەکانە... یاخود وەك (صالح یوسفی1918-1981) دەڵێت {شێوە وێنای ناوەرۆکە، لەڕەوشی بەرجەستەبووندا}... ئاوایش ڕامیارەکانی دەسەڵات وێنای بەرجەستەی کارەکتەری نادیاری جڤاکن... هەر لەبەر ئەوەیە کە ڕۆشنبیرانمان بەهێندەی ئەوەی خواستی چەکوشکاریی و چاکسازیی کارەکتەری دەسەڵات دەکەن... نایانەوێت گۆڕانی ڕیشەگر(ڕادیکاڵ)و سەرەوبنکراو، کە هەموو میللەت تێدادەبات خواستبکەن...

لەلای ئێمە هیچ پێودانگێکی زانستیی ئەوە ناسەلمێنێت؛ ژ بۆ کۆمەڵگایەکی ناژیارو دواکەوتووی وەک کۆمەڵگای کوردی، کە میرییەکی هاوشێوەو هاوشانی میرییەکانی "سکاندیناڤیا" مان هەبێت... لەگەڵ ئەوەیشدا بە چوواندن بەئاستی کۆمەڵایەتی خۆمان، شایانی دەسەڵاتێکی لەوە باشترین...
ئەوە ڕاستییەکی تاڵە کە جڤاکمان گیرۆدەی پەیوەندییەکانی خێڵ و تیرەو بنەماڵەو کەسپەرستییە... وەلێ خەوشەکان لەوێدان، کە لەسەرئاستی ڕامیاریی: مافیاگەرایی خێڵ و تیرەو بنەماڵە و... لەسەرئاستی کارگێڕیی: گەندەڵیی(کۆڕوپسیۆن) بەرقەرارە... کە گەمەکردن بە هیواکانی گەل لەلوتکەدایە و سەرجەم تخوب و هێڵە سوورەکانی مۆرالی تێپەڕاندووە...
ئێمە بینیمان کە کەسێتییەکی وەك (نێلسۆن ماندێلا1918)، لە وڵاتێکی دەوڵەمەندی وەك باشووری ئافریکا، چەندجارێك شمەك و پۆشاك و پێڵاوە بەناوبانگەکانی فرۆشت، لەبەرئەوەی پارتەکەی لە ئاستەنگی ئابووری ڕزگاربکات. هەتا بتوانن وڵات باشتر بەڕێوەببەن و نەگاتە قەیران... لە کوردستانی دەردەدار دەبینین، کە زلپارتەکانی دەسەڵات و، لەناو پارتەکان کەسە مشەخۆرو مفتەخۆرەکان، چی بە سامانی گەل و قووتی خەڵك دەکەن...
لەجیهاندا نموونەی وەها دژوێژی: نەتەوەی بەناو نەتەوەی، لە داهات زەنگینی دەرامەت هەژار، فرە سەرکردەی بێ سەرکردە، لەسەرخاك ئامادەی بێ خاك، مێژوویی بێ مێژوو، زوباندارى بەستەزمانی، وەک کورد... ئەگەر هەیشبێت من نەمبیستووە...
پاسیڤیستەکان ئەو ئایدیالیستانەن کە بەکاوەخۆ جەخت لەسەر مانەوەی ئەو ڕەوشە بۆگەنانە دەکەن... سیمبۆلێکی ئاشتەوایی (ماندێلا) کە ویستیان خەڵاتی باڵای (ئەتاتورك)ی پێشکەشبکەن، وەرینەگرت، کە ڕۆژنامەوانان لێیان پرسی بۆچی، ووتی {تورکیا کورد دەچەوسێنێتەوە، ئەگەر دەتەوێت بزانیت ڕەوشی کوردەکان چۆنە، نیوکاتژمێر ببە بە کورد}... پاسیڤیستەکان دەیانەوێت ڕژێمێکی وەک تورکیا گوڵی ئێمە بدات لەبەرۆکی... دەیانەوێت ڕێگەبدات، کۆترە سپییەکانمان بەئاسمانیاندا بفڕن... ئێمە ئاگادارین کەچۆن ڕەفتاریان لەگەڵ سەربازە ئازادکراوەکانیان کرد، تەنها لەبەرئەوەی دیلی لای کورد بوون...
(ئێرنێست هێمینگوای1899-1961) دەڵێت: {ئایدیالیست ئەوەیە، کە بەپێی ئەو فاکتەی، بۆنی گوڵاڵەسوورە لە خەڵوز خۆشترە.. وا دەزانێ شۆربای گوڵاڵەسوورە لەشۆربای دی بەتامترە}... پاسیڤیستەکانیش دروست لەو ئایدیالیستانەن..
پاش هاتنەوەی وەڤدی سەرۆکایەتی هەرێم لەتورکیا، بۆمان دەرکەوت نەك تەنها "ئاورا" ی تورکەکان هێندە بەهێزبوو کە پۆشاکی ڕۆژئاوایی کردە بەری موسوڵمانە بنچینەگر(سەلەفی)یەکانیشمان... نەك تەنها پارتەکانی باکووری عێراق پاشناوی "کوردستانیان" لەپارتەکانیان هەڵپڕووقان... تەنانەت زانیمان کە تورانییەکان خۆیان بەنەتەوەی خودان چاکەو خێروبێر دەزانن بەسەر ئەو خەڵکەی؛ کە لای ئەوان ئەرزشی ناوهێنانی نییەو خۆمان پێی دەڵێن "کورد"... وە ئێمەش وەك دەربارانی ئەوسای "عوسمانلیی" لەسەرمانە ملکەچ و سوپاسگوزاری مەزنیی و خودانییان بین و، کار بۆ پاراستن و داکۆکی لە هەژموون و شکۆیان بکەین... دروست وەك ئاغا کوردەکە [ئێمە بڵێین "نۆکەرتانین" و ئەوانیش بڵێن "ئەرکی خۆتانە"]...
پاسیڤیستەکان داکۆکیی ناڕاستەوخۆی مانەوەی ئەو ڕەوشانە دەکەن... ئەوان بۆخۆیان بێبەرهەمن و، بەریش بەهەموو گۆڕانێکی "خودیی و بابەتیی" بەرەو باشتر دەگرن... ئەوانە کۆڵەوارە پاسیڤیستەکانن... ئای لە پاسیڤیستەکان!.